کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

4-11-2007 14:38بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**هەڵەبجە لۆ بێدەنگە؟... عەلی مەحموود محەمەد**

www.anfal.be

لە دیرۆکی کورددا، هیچ کارەساتێك، یادی هیچ پارت و سەرکردەو کۆمارێك، بە ئەندازەی کارەساتی هەڵەبجە، یادکردنەوەی شێوازی نەتەوەیی بەخۆیەوە نەبینیوە، بەهەموو مانایەك هەڵەبجە بوو بە ناسنامەی نەتەوەی کورد و یەککخستنی ماڵە کاول و وێرانەکەی.

لە قامیشلووەوە بۆ دیاربەکر، لە زنجانەوە بۆ ئەرزنجان، لە بەتلیسەوە بۆ تەبرێز، لە موکریانەوە بۆ گەرمیان، 19 ساڵی تەواوە، کۆمەڵ کۆمەڵ کوردان، لە پیرو لاوو زارۆك و پیاو کچان، شینیان بۆ مەرگی عومەر خاوەر کردووە و فرمێسکیان بۆ هۆنییەوەتەوە، غەمەکانی هەڵەبجەیان لەکۆڵ ناوە، کارەساتەکەیان بە جیهان ناساندووە.

لام سەیرە، کاتێك لایەك لە کوردستان دەکەوێتە بەر تۆپبارانی ڕژێمی ئێرانی داگیرکەر، کاتێك هەڕەشەی گەورەترین پەلامار لە لایەن تورکیاوە دەکرێتە سەر کوردستان، هیواو عەدنان ملیان دەکرێتە بەر پەتی سێدارە، کاتێك و کاتێك، مخابن هەڵەبجە هەر مات و بێدەنگە.

هەڵەبجە پێویستە ببێتە بە باوکی عامودا، دەستە خوشکی سەردەشت، برای قارنێ و قەڵاتان، جووتەی دەرسیم و شەرناخ، ببێت بە ژیانی بۆ هیواو عەدنان، ببێت بە مۆزەخانەی هەموو کارەساتەکان کوردستان، پێویستە هەڵەبجە لە ڕۆژمێرەکەی خۆیدا هەموو تراژیدییەکانی ئەم گەلە بێ ئەرشیف بکات و یاداوەرییە تاڵەکانیان یاد بکاتەوە، پێویستە هەڵەبجە لەگەڵ زیندووەکانیشیان بژێت و نەهێڵێت نموونەکەی جارێکی دیکە دوبارە بێتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.